# بانگەوازی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆ مانگرتنی گشتی لە کوردستان

کۆمەلأنی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەوە ماوەی زیاتر لە3 حەوتویە شارەکانی کوردستان بۆتە مەیدانی خۆپیشاندان و بەرەو روو بوونەوەی جەماوەری خەڵك و رژیمی کۆماری ئیسلامی. ئەم حەرەکەتە شورشگیرانەیە بە شوێن هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بۆ سەر کۆمەڵێك لە لاوانی شاری مەهاباد و ئەشکەنجەی وەحشیانە و کوشتنی لاوێکی تێکۆشەری ئەو شارە دەستی پێکرد.

هەر لە سەرەتای خۆپیشاندانەکاندا ناساندن و مەحاکمەی بریاردەران و بەرێوەبەرانی تاوانباری ئەو جینایەتە بوو بە تەوەرەی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لە رژیمی جمهوری ئیسلامی. بەڵام هەر لە سەرەتاوە تا ئەمرۆ ئەم داخوازیەی خەڵکی کوردستان لە هەموو شوێنێك بە پەلامار و توند و تیژی نواندنی هێزەکانی رژیم وەلأمی وەرگرتەوە. خۆپیشاندان و تەحەسونی هێمنانەی خەڵکی لە هەموو شوێنێك درایە بەر پەلامار و بە توند و تیژی وەلأمی درایەوە، رژیم لە سنە و شنو و سەردەشت و پیرانشار و بانە، جینایەتی تری خوڵقاند و ژمارەیەکی زۆری لە خەڵك دەستگیر و رەوانەی ئەشکەنجەگاکان کرد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا رژیمی ئیسلامی هەوڵی ئەدا کە بە پەلامار بردن بۆ سەر ریزی خۆپیشاندانی هێمنانە، بە گرتن و لێدان و ئەشکەنجەدان، تۆوی ترس و نیگەرانی لە ناو خەڵك دا بچێنێ و پاشەکشەیان پێ بکات. خەڵکی کوردستان بە خۆپیشاندانەکانی ئەم رۆژانەی دوایی بە کردەوە نیشانیان دا کە لە بەرانبەر زەبر و زەنگی رژیم سەر دانانەوێنن و تەسلیم نابن.

خەڵکی کوردستان بە تەجروبەی 26 ساڵی رابردوو بۆیان دەرکەوتووە کە تەنیا بە خەبات وموقاومەتی یەکگرتووانەیە کە دەتوانیٚ پێش بە زەبر و زەنگی رژیمی ئیسلامی بگریٚ. هەر بۆیە لە پێناوی نیشاندانی ئەم یەکگرتوویە و نمایش دانی عەزم و ئیرادەی پۆلأینی خەڵك بەرانبەر بە رژیمێك کە لە دژایەتی لە گەڵ ماف و ئازادیەکانی جەماوەر هیچ سنوورێك ناناسیٚ، پێویستە لە رۆژانی داهاتوودا هەنگاوێکی مەحکەم بەرەو پێش بنێین.

بەم بۆنەوە کۆمەڵە داوا لە هەموو خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەکات کە رۆژی یەکشەممە ریکەوتی 16ی گەلاویژ مانگرتنێکی گشتی بەرێوە بەرن. بۆ ئەو مەبەستە هەموو دووکان و بازارەکان

دابخەن، کارگاکان و شوێنی کار، مەدرەسە و زانکۆکان تەعتیل کەن. با تەنیا و تەنیا هەر ئەو شوێنانە کراوە بن کە پێداویستی یەکانی فەوری و زۆر زەروری خەڵك دابین دەکەن.

داوا لە هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یەکانی پێشکەوتن خواز و هەڵسوراو لە کوردستان دەکەین کە هەر کامە بە سەهمی خۆیان لە پێناوی نیشاندانی ریزی یەکگرتووی خەباتی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆ سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە گشتیە هەوڵ بدەن.

ئەم داخوازیانەی کە لە رۆژانی رابردوودا لە ریزی خۆپیشاندەران دا بەرز کراونەتەوە، داخوازی ئەم مانگرتنە گشتیە دەبن و بریتین لە:

- ناساندنی و سزادانی بریاردەران و بەرێوەبەرانی جینایەتی شاری مەهاباد و شارەکانی تری کوردستان.
- ئازاد کردنی بیٚ قەید و شەرت و بە خێرایی هەموو گیراوەکان.
- کۆتایی هێنان بە باری نائاسایی شارەکانی کوردستان و گەرانەوەی هێزەکانی رژیم بۆ شوێنەکانی خۆیان.
- بە رەسمی ناسینی مافی هاوولاتیان بۆ خۆپیشاندان و دەربرینی نارەزایەتی بە مەبەستی بە ئاکام گەیاندنی ئەم داخوازیانەی سەرەوە.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان! لاوانی شورشگێر!

بەرەو پێش بردنی ئەم حەرەکەتە و نیشاندانی ریزی مقاومەتێکی یەکپارچە و یەکگرتوو لە بەرانبەر رژیمی جمهوری ئیسلامی دا، لە گرەوەی خەباتی پڕ بە پڕی ئێوە دایە. بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆتان ئەم مانگرتنە گشتیە وەکوو ڕەمزی یەکگرتوویەکی بەهێز کە سەرمایەی پێشرەویەکانی داهاتوویە، بە سەرکەوتن بگەیەنن.

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
11 گەلاوێژی 1384ی هەتاوی